ڕێساکانی ڕەفتار و مامەڵە بۆ نەوەی قورئان

Contents

پێشەکی

میعراجی ئەدەب و شکۆی زانست

بِسْمِ اللَّهِ نُورِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە مرۆڤی بە زانست ڕازاندەوە و قورئانی کردە ڕێبەر و نووری ژیانمان. درووود و سڵاو لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ، کە مامۆستای یەکەمی ئەدەب و ڕەوشت بوو و فەرمووی :إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ مَكَارِمَ الْأَخْلَاقِ.

ئەی ئەو فێرخوازەی پێیەکانت بەرەو ماڵی خودا هەنگاو دەنێن و دڵت تینووی کەلامی ئەوە، بزانە کە تۆ تەنها بەرەو بینایەک ناڕۆیت، بەڵکو بەرەو "میعراجی زانست "بەڕێوەیت. قورئان تەنها پیت و وشە نییە لەناو دڵدا کۆبکرێتەوە، بەڵکو ڕەوشت و شکۆیە لە جەستەدا دەبێت ڕەنگ بداتەوە. پێشینانی چاکمان دەیانفەرموو" :ئەدەب بەرگی زانستە، هەر کەسێک بەرگەکەی نەپۆشێت، زانیارییەکەی تەنها دەبێتە بارگرانی بەسەریەوە ."مزگەوت و سەنتەرەکانی قورئان، ئەو باخچە پیرۆزانەن کە فریشتەکان باڵەکانیان تێدا ڕادەخەن بۆ فێرخوازان؛ ئایا دەکرێت مرۆڤ پێ بنێتە ناو باڵەفڕێی فریشتەکان و خاوەنی باڵاترین "ئەتەکێت" و "ئەدەب" نەبێت؟

ئەم ڕێبەرنامەیە، پەیماننامەیەکی ڕۆحییە لە نێوان تۆ و ئەو پیرۆزییەی هەڵتگرتووە. فێرت دەکات کە چۆن "بێدەنگی"ت ببێتە تێفکرین، "قسە"ت ببێتە زیکر، و "مامەڵە"ت ببێتە ئاوێنەیەک بۆ جوانییەکانی ئیسلام. لێرەدا فێردەبیت کە ڕێزی مامۆستا کلیلی فەتحی دڵەکانە، و ئەدەب لەگەڵ هاوڕێیان، نیشانەی تێگەیشتنە لە مانای برایەتیی ئیمانی.

وەرە با پێکەوە، بە پۆشاکی ئەدەبەوە بچینە خزمەت قورئان، چونکە خودا زانست نادات بەو کەسانەی کە دڵ و ڕەفتاریان بە ئەدەب ڕانەهاتووە.

١ .ئەتەکێت وەک عیبادەت و جەوهەری بڕوا

ئەتەکێت لە چوارچێوەی مزگەوت و سەنتەری قورئاندا، تەنها ڕێسایەکی وشکی مرۆیی نییە بۆ ڕێکخستنی کات و شوێن، بەڵکو "عیبادەتێکی نادیارە " کە گوزارشت لە ئاستی نزیکی بەندە دەکات لە خودای گەورە. لێرەدا بە درێژی تیشک دەخەینە سەر ئەم چەمکە:

یەکەم: بنەمای شەرعی بۆ ئەتەکێت بە گەورەگرتنی دروشمەکان

ئەتەکێت لە ناو ماڵی خودادا جۆرێکە لە تەقوا. کاتێک فێرخواز بە ئەدەبەوە مامەڵە دەکات، لە ڕاستیدا ڕێز لەو شوێنە دەگرێت کە ناوی خودای تێدا دەهێنرێت.

بەڵگەی قورئانی :خوای گەورە دەفەرموێت :ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ [الحج: ٣٢]. مزگەوت و کۆڕی قورئان لە گەورەترین دروشمەکانی خودان، بۆیە ڕەفتاری جوان تێیدا نیشانەی زیندوویی دڵە.

قسەی زانایان :ئیمامی "قورتوبی" دەفەرموێت: "بە گەورەگرتنی دروشمەکان ئەوەیە کە بەندە بەوپەڕی شکۆ و ئەدەبەوە بەرەو پیر پیرۆزییەکانی ئایین بڕوات."

دووەم: ئەتەکێت وەک تەواوکاری بڕوا ئیمان

ئیمان تەنها وتەی زمان نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو بڕوایەیە لە ناو ڕەفتاردا. ئەتەکێت ئەو بەرگەیە کە ئیمانی پێ دەناسرێتەوە.

فەرموودەی پیرۆز: پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت :أكملُ المؤمنين إيمانًا أحسنُهم خُلقًا" تەواوترین بڕواداران لە ڕووی ئیمانەوە، ئەوانەن کە ڕەوشتیان لە هەمووان جوانترە."

قسەی زانایان: ئیمامی "ئیبن قەییم" دەفەرموێت: "ئەدەبی مرۆڤ نیشانەی بەختەوەری و سەرکەوتنیەتی، وە کەم ئەدەبی نیشانەی

بێبەشبوون و تیاچوونیەتی، هیچ شتێک نییە خێری دونیا و قیامەت کێش بکات وەک ئەدەب."

سێیەم: زانست پێویستی بە ئەدەب هەیە پێشەکی فێربوون

زانایانی پێشین هەمیشە پێیان وابووە کە فێربوونی ئەتەکێت و ئەدەب، کلیلی چوونە ناو جیهانی زانستە. زانستێک ئەدەبی لەگەڵ نەبێت، زیانی زیاترە وەک لە سوودی.
قسەی زانایان :ئیمامی "ئیبن موبارەک" دەفەرموێت :نحن إلى قليلٍ من الأدب أحوجُ منا إلى كثيرٍ من العلم" ئێمە پێویستمان بە کەمێک لە ئەدەب زیاترە وەک لە زۆرێک لە زانست."
ئەزموونی سەلەف" :ئیبن سیرین" دەفەرموێت: "ئەوان هاوەڵان و تابعین فێری ئەتەکێت و ڕێگای ڕەفتار دەبوون، وەک چۆن فێری زانست دەبوون."

چوارەم: گەیشتن بە پلەی "ئیحسان" لە ڕێگەی ئەتەکێتەوە

ئیحسان ئەوەیە کە وا عیبادەت بکەیت کە خودا دەبینیت. فێرخوازی قورئان کاتێک لە ناو سەنتەردا بە هێمنی دەڕوات، بە دەنگی نزم دەدوێت، و ڕێز لە کتێب و مامۆستا دەگرێت، ئەوە گەیشتووە بە پلەی ئیحسان.
فەرموودەی پیرۆز: لە فەرموودەکەی جوبریلدا هاتووە :الإحسان أن تعبد الله كأنك تراه. ئەتەکێت مانیفێستکردنی ئەم بینینە خوداییەیە لە ناو ڕەفتاری ڕۆژانەدا.

پێنجەم: ئەتەکێت وەک پارێزەری زانست نموونەی مۆم و شوشە

وەک چۆن باس کرا، ئەگەر زانست "مۆم" بێت، ئەوا ئەتەکێت ئەو "شوشەیەیە" کە دەیپارێزێت. مۆمێک بێ شوشە بێت، بە کەمترین بای سەرپێچی و هەڵە دەکوژێتەوە، بەڵام ئەتەکێت دەبێتە قەڵغانێک کە ناهێڵێت شکۆی زانستەکە لەکەدار بێت.

قسەی زانایان :ئیمامی "مالیک" بە گەنجێکی قورەیشی فەرموو :یا بني تعلم الأدب قبل أن تتعلم العلم" ڕۆڵەکەم، فێری ئەدەب ببە پێش ئەوەی فێری زانست ببیت". چونکە زانست بێ ئەدەب، مرۆڤ تووشی خۆبەگەورەزانین دەکات.

شەشەم: ڕەفتاری جوان بانگەوازێکی بێدەنگە

فێرخوازی قورئان لە مزگەوت و سەنتەردا، تەنها بۆ خۆی ناخوێنێت، بەڵکو دەبێتە نموونە بۆ خەڵکی تر. کاتێک خەڵک دەبینن فێرخوازێک چەند بە ئەتەکێتەوە مامەڵە دەکات، ئەوە مەیلیان بۆ ئایینەکە زیاد دەکات.

ئایەتی قورئانی: وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا [البقرة: ٨٣]. ئەم فەرمانە گشتییە، بەڵام بۆ هەڵگرانی قورئان لە ناو ماڵی خودا لەپێشترە.

قسەی زانایان: وەلیوڵلای دهلەوی دەفەرموێت: "جوانی شەرع لەوەدایە کە لە ناو جەستەی بەندەکاندا بە شێوەی ڕەفتاری ڕێک و پێک دەربکەوێت."

٢ .ئەتەکێتی ڕەفتار و ڕەوشتی فێرخواز لە ژیانی ڕۆژانەدا

فێرخوازی قورئان وەک چرایەکە لەناو تاریکیدا، هەر لایەک بڕوات دەبێت ڕێگاکە ڕۆشن بکاتەوە. ڕەوشتی ڕۆژانەت گەورەترین بانگەوازە بۆ ئەو زانستەی هەڵتگرتووە.

یەکەم: ئەتەکێتی ڕێگاوبان و ڕۆیشتن (أدب الطريق)

ڕێگا شوێنی گشتییە و مافی هەمووانی تێدایە، بۆیە فێرخواز دەبێت پارێزەری ئەو مافانە بێت.

بە هێمنی ڕۆیشتن :بە وەقار و هێمنی بڕۆ، دووربکەوەرەوە لە ڕاکردن و بازدان و دروستکردنی دەنگی بەرز کە سەرنجی خەڵک بە خراپ ڕابکێشێت.

بەڵگەی قورئانی: وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًاۖإِنَّكَ لَن تَخْرِقَ الْأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولًا] الإسراء: ٣٧.[

پاراستنی چاو غض البصر: لە ڕێگادا چاوت بپارێزە لە سەیرکردنی حەرام و وردبوونەوە لە نامەحرەم و ماڵ و تایبەتمەندی خەڵک.

بەڵگەی قورئانی (فەرمانی ڕاستەوخۆ بۆ بڕواداران): خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ڕێنماییمان دەکات و دەفەرموێت: قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ] (النور: ٣٠ [واتە: "بە پیاوانی بڕوادار بڵێ با چاوەکانیان بپۆشن (لە سەیرکردنی نامەحرەم و حەرام) و داوێنی خۆیان بپارێزن؛ ئەوە بۆ ئەوان پاکتر و باشترە".

سڵاوکردن: سوننەتە سڵاو لەو کەسانە بکەیت کە دەیانناسی و ئەوانەیشی نایانناسی؛ ئەمە دڵەکان بۆ یەکتر نەرم دەکات.

بەڵگەی فەرموودە :پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :(تُطْعِمُ الطَّعَامَ، وَتَقْرَأُ السَّلَامَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ) (متفق عليه) واتە: "خواردن

بدەیت بە خەڵکی، و سڵاو بکەیت لەوانەی کە دەیانناسیت و ئەوانەیشی کە نایانناسیت".

دووەم: ئەتەکێتی کڕین و فرۆشتن و بازاڕ

بازاڕ تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ دەستپاکی و زمانپاکی فێرخواز.
ڕاستگۆیی: لە کاتی کڕیندا درۆ مەکە و سوێندی بێجێ مەخۆ. ئەگەر فرۆشیار بوویت، عەیبی کاڵاکەت مەشارەوە.
بەڵگەی فەرموودە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :الْبَيِّعَانِ بِالْخِيَارِ مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا، فَإِنْ صَدَقَا وَبَيَّنَا بُورِكَ لَهُمَا فِي بَيْعِهِمَا" دوو کڕیار و فرۆشیارەکە بەرەکەت دەخرێتە مامەڵەکەیانەوە ئەگەر ڕاستگۆ بن و ڕاستییەکان ڕوون بکەنەوە."
سەودای جوان: لەسەر نرخ زۆر مەکێشە و توند مەبە؛ بە نەرمی و میهرەبانی مامەڵە بکە.
بەڵگەی فەرموودە (بۆ ڕەحمەت و بەرەکەتی خودا): پێغەمبەری خودا ﷺ دوعای خێر و ڕەحمەت دەکات بۆ ئەو کەسانەی لە کڕین و فرۆشتندا ئاسانکار و نەرم و نیانن: رَحِمَ اللَّهُ رَجُلًا سَمْحًا إِذَا بَاعَ، وَإِذَا اشْتَرَى، وَإِذَا اقْتَضَى. (رواه البخاري) واتە: "ڕەحمەتی خودا لەو پیاوە (کەسە) بێت کە بە ڕووخۆشی و ئاسانکارییەوە مامەڵە دەکات کاتێک شتێک دەفرۆشێت، یان کاتێک شتێک دەکڕێت، وە کاتێک داوای مافی خۆی دەکاتەوە".
ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێت) هەمیشە دەچووە ناو بازاڕەکان و دەفەرموو: لَا يَبِعْ فِي سُوقِنَا إِلَّا مَنْ قَدْ تَفَقَّهَ فِي الدِّينِ" [رواه الترمذي]. "نابێت لە بازاڕی ئێمەدا کەس کڕین و فرۆشتن بکات، ئیلا دەبێت پێشتر شارەزای فقھ و حەڵاڵ و حەرامی مامەڵە بووبێت."
"ئەی فێرخوازی ئازیز، کاتێک دەچیتە بازاڕ، با کچ و کوڕی موسڵمان و فێرخوازی ڕاستەقینە بەوە بناسرێنەوە کە نە هاوار دەکەن، نە لەسەر نرخ

پارچە کاغەز و کاتی خەڵکی بەفیڕۆ دەدەن، و نە کاتێک پارەیەک دەدەن یان وەردەگرن فێڵ دەکەن. با دڵئاوەدانیی تۆ بە زیکر لە ناو بازاڕدا، ببێتە هۆکاری هێمایەک بۆ ئەوەی بڵێن: ئەمە ڕەوشتی قورئانە."

"ئەتەکێتی فێرخواز وایە کە نرخ کەمکردنەوەی نەبێتە هۆی بێزارکردنی فرۆشیار؛ چونکە بەرەکەتی ئەو شتەی دەیکڕیت، لە ڕەزامەندیی دڵی بەرامبەرەکەتەوە دەست پێ دەکات".

سێیەم: ئەتەکێتی چوونە ناو بازاڕ و زیکری تایبەت:

بازاڕ شوێنی غەفڵەت و سەرقاڵبوونی خەڵکییە بە دۆلار و کاڵاوە، بۆیە فێرخواز کاتێک پێ دەنێتە ناو بازاڕ، بەم زیکرە نووری قورئانەکەی دەپارێزێت:

بەڵگەی فەرموودە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت هەرکەسێک بچێتە بازاڕ و بڵێت: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ حَيٌّ لَا يَمُوتُ بِيَدِهِ الْخَيْرُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. خودای گەورە ملیۆنێک خێری بۆ دەنووسێت، ملیۆنێک گوناهی لێ دەسڕێتەوە، و پلەکەی بەرز دەکاتەوە [رواه الترمذي].

ئەتەکێتی کرداری: خوێندنی ئەم زیکرە لە کاتی چوونە ژوورەوەدا، نیشانەی هۆشیاریی فێرخوازە کە تەنانەت لە ناو جەنجاڵی و غەفڵەتی بازاڕیشدا پەیوەندیی لەگەڵ خودا ناپچڕێنێت.

چوارەم: ئەتەکێتی زمان و قسەکردن لەگەڵ خەڵک

فێرخواز پێویستە خاوەنی "پەیڤی شیرین" بێت.

دوورکەوتنەوە لە جنێو و قسەی بازاڕی :هەرگیز وشەی ناشرین و جنێو و گاڵتەجاڕی بە خەڵک مەکە، تەنانەت ئەگەر بەرامبەرەکەیشت خراپ بێت.

بەڵگەی قورئانی: وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا] البقرة: ٨٣.[بەڵگەی فەرموودە : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: لَيْسَ الْمُؤْمِنُ بِالطَّعَّانِ وَلَا اللَّعَّانِ وَلَا الْفَاحِشِ وَلَا الْبَذِيءِ] (رواه الترمذي [واتە: "بڕواداری ڕاستەقینە كەسێک نییە كە تانە و تەشەر بدات، و نەفرەت بكات، و قسەی ناشرین و جنێو و وشەی بازاڕی بەكاربهێنێت".

نەبردنی ناوی خەڵک بە غەیبەت: مەبە بەو كەسەی كە لە هەر شوێنێک دادەنیشێت باسی كەموكوڕی خەڵک دەكات. بێدەنگی باشترە لە قسەیەک كە گوناهی تێدا بێت.

بەڵگەی قورئانی: خوای گەورە دەفەرموێت: وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ] (الحجرات: ١٢ [واتە: "با هیچ كام لە ئێوە غەیبەتی ئەوی تر نەكات؛ ئایا كەس لە ئێوە حەز دەكات گۆشتی برایەكی خۆی بە مردوویی بخوات؟ بێگومان حەزتان لێی نییە و لێی بێزارن".

"ئەو زمانەی كە قورئانی پێ دەخوێنیتەوە، با هەرگیز بە جنێو و غەیبەت و قسەی ناشرین نەڕاكێندرێت؛ چونكە نووری زانست و گوناهی زمان لە یەک دڵدا پێكەوە كۆنابنەوە".

پێنجەم: ئەتەكێتی مامەڵە لەگەڵ دراوسێ و خزمەكان

ڕەوشتی تۆ بەرامبەر خەڵكانی نزیكت، پێوەری ئیمانەكەتە.

ئازارنەدانی دراوسێ: بە دەنگی بەرز، بە فڕێدانی زبڵ، یان بە وەستانی ئۆتۆمبێل لەبەردەمماڵیان، ئازاری دراوسێ مەدە.

بەڵگەی فەرموودە :پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلا يُؤْذِ جَارَهُ" هەركەسێک بڕوای بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە، با ئازاری دراوسێكەی نەدات."

بەڵگەی فەرمووده (سەبارەت بە گەورەیی مافی دراوسێ لای فریشتەکان):
پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «مَا زَالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بِالْجَارِ حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُوَرِّثُهُ» [متفق عليه]. "جبرائیل هێندە ڕاسپاردەی دراوسێی پێدەدام، تەنانەت پێم وابوو (لە داهاتوودا) دراوسێ دەکاتە میراتگری دراوسێکەی."
حەسەنی بەسری (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەفەرموێت: "دراوسێیەتیی باش تەنها ئەوە نییە کە ئازاری دراوسێکەت نەدەیت، بەڵکو دراوسێیەتیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئارام بگریت لەسەر ئازار و کەمکوڕییەکانی دراوسێکەت."
"ئەتەکێتی نەوەی قورئان ئەوەیە کە ماڵی دراوسێ لە سێبەری بوونیدا حەوانەوە و دڵنیایی بەدەست بهێنن. فێرخواز پێش ئەوەی بە لاپەڕەکانی قورئاندا بچێتەوە، سەیری حەوشە و بەردەم دەرگای ماڵی خۆی دەکات؛ نەکا ئۆتۆمبێلەکەی یان زبڵەکەی دڵی دراوسێیەکی هێنابێتە ئێش، چونکە نووری زانست نانیشێتە دڵێکەوە کە جیرانەکانی لێی بەسکاڵا بن."
یارمەتیدانی لێقەوماوان: ئەگەر بینیت پیرمەندێک یان پەککەوتەیەک پێویستی بە هاوکارییە لە ڕێگادا، یان جیرانەکەت نەخۆشە، خێرا بە هانایانەوە بچۆ.
بەڵگەی فەرموودە: پێغەمبەری خودا ﷺ بنەمایەکی زێڕینمان فێر دەکات کە چۆن یارمەتیدانی خەڵک دەبێتە هۆی یارمەتیدانی خودا بۆ ئێمە: وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ] (رواه مسلم [واتە: "خودای گەورە هەمیشە لە یارمەتیدانی بەندەکەیدایە، مادام بەندەکە خەریکی یارمەتیدانی برایەکی (یان هاوڕێ و هاونیشتیمانییەکی) بێت
گەورەیی سەردانی نەخۆش: ئەگەر بیستت جیرانەکەت نەخۆشە، خێرا بە هانایانەوە بچۆ، بڕۆ سەردانی بکە:

بەڵگەی فەرمووده: مَنْ أَتَى أَخَاهُ الْمُسْلِمَ عَائِدًا (نەخۆش پرسی)، مَشَى فِي خِرَافَةِ الْجَنَّةِ حَتَّى يَجْلِسَ] رواه الترمذ، واته: "هەرکەسێک بچێت بۆ سەردانی برایەکی نەخۆشی، ئەوا لە ناو باخەکانی بەهەشتدا هەنگاو دەنێت تا ئەو کاتەی دادەنیشێت".

«يَا ابْنَ آدَمَ مَرِضْتُ فَلَمْ تَعُدْنِي!»، دەڵێت: پەروەردگارا چۆن سەردانی تۆ بکەم کاتێک تۆ پەروەردگاری جیهانیانی؟ خوای گەورە دەفەرموێت: «أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ عَبْدِي فُلَانًا مَرِضَ فَلَمْ تَعُدْهُ؟ أَمَا عَلِمْتَ أَنَّكَ لَوْ عُدْتَهُ لَوَجَدْتَنِي عِنْدَهُ؟» [رواه مسلم]. "ئەی نەوەی ئادەم نەخۆش کەوتم و سەردانت نەکردم! ... ئایا نەتزانی فلانە بەندەم نەخۆش بوو و سەردانت نەکرد؟ ئایا نەتزانی ئەگەر سەردانت بکردایە، پاداشتی من و ڕەحمەتی منت لە لای ئەو دەست دەکەوت؟"

صلەی ڕەحم لەگەڵ خزمەکان: فێرخوازی قورئان دەبێت یەکەم کەس بێت کە پەیوەندیی خزمایەتی بەهێز بکات:

بەڵگەی قورئانی: خوای گەورە دەفەرموێت: وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ] (النساء: ١ [واته: "پارێزگاری بکەن و بترسن لەو خودایەی کە داوای مافەکانی لێ دەکەن، و ئاگاداری مافی خزمەکانتان بن".

خوای گەورە لە وەسفی خاوەن ژیری و فامەکاند دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَصِلُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ وَيَخَافُونَ سُوءَ الْحِسَابِ﴾ [الرعد: ٢١]. "ئەوانەی ئەو پەیوەندییانە دەگەیەنن و توند دەکەن (وەک پەیوەندیی خزمایەتی) کە خودا فەرمانی پێکردووە بگەیەنرێت، و لە پەروەردگاریان دەترسن و لێپرسینەوەی خراپی ڕۆژی دوایی لێدەکەن."

ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت: أَكْرِمْ عَشِيرَتَكَ، فَإِنَّهُمْ جَنَاحُكَ الَّذِي بِهِ تَطِيرُ". "ڕێز لە خزم و عەشیرەتەکەت بگرە، چونکە ئەوان باڵەکانی تۆن کە پێیان دەفڕیت (لە کاتی تەنگانەدا پشتیوانتن)."

"ئەی فێرخواز! با یەکەم کەس کە سوود لە ڕەوشتە بەرزەکانت دەبینێت، دراوسێ و خزمەکانت بن؛ چونکە هیچ زانیارییەک شکۆ نابەخشێت بە خاوەنەکەی ئەگەر لە ناو ماڵ و گەڕەکەکەیدا بە کەسێکی توند و بێوەفا بناسرێت".

شەشەم: ئەتەکێتی مامەڵە لە جیهانی دیجیتاڵیدا سۆشیاڵ میدیا

مۆبایلەکەت و ئەکاونتەکانت ئاوێنەی کەسایەتین.
بڵاونەکردنەوەی درۆ: هەر هەواڵێک مەگوازەرەوە تا دڵنیا نەبیت لێی.
بەڵگەی قورئانی: خوای گەورە دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا] (...الحجرات: ٦) "ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە، ئەگەر کەسێک هەواڵێکی بۆ هێنان، سەرەتا لێی بکۆڵنەوە و دڵنیا ببنەوە پێش ئەوەی بڵاوی بکەنەوە.
مەترسیی گواستنەوەی هەموو شتێک: نابێت هەرچیمان بیست بڵاوبکەینەوە
بەڵگەی فەرموودە: كَفَى بِالْمَرْءِ كَذِبًا أَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مَا سَمِعَ] (رواه مسلم [واتە: "بۆ درۆزنیی مرۆڤ ئەوە بەسە، کە هەرچییەکی بیست (یان لە سۆشیاڵ میدیا بینی) بیگێڕێتەوە و بڵاوی بکاتەوە".
کۆمێنتی جوان :لە کاتی نوسینی کۆمێنتدا، بە ئەدەبەوە ڕەخنە بگرە یان دەستخۆشی بکە. وێنە و ڤیدیۆی نەشیاو لای خۆت دامەنێ و لایکی مەکە.
بەڵگەی قورئانی :خوای گەورە دەفەرموێت: مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ] (ق: ١٨ [واتە: "مرۆڤ هیچ قسەیەک ناکات (یان نانووسێت)، مەگەر چاودێرێکی ئامادەبووی لەسەرە و دەینووسێت. ئاگاداربە کۆمێنتەکانیشت لە نامەی کردەوەکانتدا دەنووسرێن.
وێنە و ڤیدیۆی نەشیاو و پاراستنی ئەکاونت: پاراستنی ئەکاونت و مۆبایلەکانتان لە شتی خراپ:

بەڵگەی فەرمووده :پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: إِنَّ هَذَا الْخَيْرَ خَزَائِنُ، وَلِتِلْكَ الْخَزَائِنِ مَفَاتِيحُ، فَطُوبَى لِعَبْدٍ جَعَلَهُ اللَّهُ مِفْتَاحًا لِلْخَيْرِ، مِغْلَاقًا لِلشَّرِّ] (رواه ابن ماجه [واتە: "خێر و چاکە گەنجینەن و کلیلیان هەیە، خۆشی و بەختەوەری بۆ ئەو بەندەیەی کە خودا کردوویەتی بە کلیل بۆ خێر و قوفڵ بۆ شەڕ و خراپە ".مەبەست لەوەیە ئەکاونتەکەت کلیلێك بێت بۆ بڵاوکردنەوەی باشە، و قوفڵێك بێت بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی وێنە و ڤیدیۆی ناشرین).

"ئەی فێرخواز! 'لایک' و 'شێر'کردنی تۆ، شایەتی بڕوا و ئەخلاقی تۆن. با مۆبایلەکەت نەبێتە هۆی سڕینەوەی ئەو پاداشتەی کە لە حەڵقەی قورئاندا کۆت کردووەتەوە".

کۆبەند :پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ مَكَارِمَ الْأَخْلَاقِ" من تەنها بۆ ئەوە نێردراوم تا ڕەوشتە بەرزەکان تەواو بکەم". بۆیە فێرخوازی قورئان ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەوشتی جوان نەبێت، تەنها ماندووبوونی بۆ دەمێنێتەوە. با هەرکەسێک تۆی بینی، بڵێت: "ئافەرم بۆ ئەو پەروەردەیەی ئەم لاوەی پێگەیاندووە."

حەوتەم: ڕێکخستنی کات (زوو نوستن و زوو لەخەو هەستان)

فێرخوازی قورئان ناتوانێت بەرەکەت لە کات و تەرکیزیدا کۆبکاتەوە ئەگەر شەوانی بە بێهودەیی بە ڕووناکی شاشەکان و کات بەفیڕۆدان ببەخشێت. زوو نوستن و زوو هەستان نەک تەنها تەندروستییە، بەڵکو یەکەم هەنگاوی سەرکەوتنە لەبەردەم پیتەکانی قورئاندا.

سوود و بەرەکەتی بەرەبەیان: شەونخونی و درەنگ خەوتن دەبێتە هۆی تەمبەڵی و لەدەستدانی فەجر و لەبیرچوونەوەی دەرسەکان. فێرخوازی ڕاستەقینە، دوای نوێژی عیشا یان دوای تەواوکردنی ئەرکە پێویستەکانی،

جەستەی ئارام دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەرەبەیان بە وزەیەکی نوێوە پێشوازی لە قورئان بکات.
بەڵگەی فەرموودە :پێغەمبەر ﷺ دوعای بەرەکەتی بۆ ئەم کاتە کردووە و دەفەرموێت: اللَّهُمَّ بَارِكْ لِأُمَّتِي فِي بُكُورِهَا. (دایکایەتی/تەواوی فەرموودەکە: "خوایە بەرەکەت بخەیتە ناو کارەکانی ئومەتەکەمەوە لە پێشەکی ڕۆژ و بەرەبەیاندا"). فێرخوازێک کە دەیەوێت پاراستنی قورئانەکەی پتەو بێت، ئەم کاتە زێڕینە لەدەست نادات.
پراکتیکی خەو و هەستان ئادابی پێش خەوتن: دەستنوێژگرتن، خوێندنی ئەزکارەکانی خەو (بەتایبەت ئایەتی کورسی و سوورەتەکانی ئیخلاس و فەلەق و ناس) و دوورکەوتنەوە لە مۆبایل لانیکەم نیو کاتژمێر پێش خەوتن.
هەستانی بەبێ دوودڵی: کاتێک زەنگی کاتژمێر لێدەدات یان خەبەرت دەبێتەوە، یەکسەر جێگاکەت جێبهێڵە و بە ئاوی سارد دەموچاوت بشۆ بۆ ئەوەی تەمبەڵی شەیتانت لێ دووربکەوێتەوە.
تەرخانکردنی کاتی زێڕین: کاتەکەی نێوان بەربانگ (فەجر) و خۆرهەڵات، تایبەت بکە بە تەنها دووبارەکردنەوە (موراجەعە) یان لەبەرکردنی ئایەتە نوێیەکان، چونکە لەم کاتەدا مێشک لەوپەڕی خاوێنی و ئامادەییدایە.
بەڵگەی قورئانی خوای گەورە شەوی وەک هێمنکەرەوە و ڕۆژی وەک کاتی هەوڵدان داناوە، و دەفەرموێت: وَجَعَلْنَا النَّهَارَ نُشُورًا» [النبأ: ١١]
("و ڕۆژیشمان بڕیارداوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکار و زیندووبوونەوە و هەوڵدان).

٣ .ئەتەکێتی فێرخواز پێش گەیشتن بە مزگەوت و سەنتەر

پێش ئەوەی ماڵ جێبهێڵیت، دڵت پاک بکەرەوە کە تەنها بۆ ڕەزامەندی خودا و فێربوونی قورئان دەڕۆیت. پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ] (متفق عليه [واتە: "بێگومان پاداشتی کردەوەکان بەپێی نییەتەکانە".

ئامادەبوونی فێرخواز پێش چوونە ناو کۆڕی زانست، نیشانەی ڕێزگرتنە لەو "نیعمەتە"ی کە خودا پێی بەخشیوە. فێرخوازی قورئان هەڵگری گەورەترین پەیامی ئاسمانییە، بۆیە دەبێت لە ڕواڵەت و پاکوخاوێنیدا نموونەی باڵا بێت. جوانیی دیمەن بەشێکە لە شکۆی زانست. خوای گەورە جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت: إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ. ئەم قۆناغە پێنج تەوەرەی سەرەکی دەگرێتەوە: نییەت و ئامادەکاریی دەروونی

یەکەم: خشتەی پاکوخاوێنی:

پێش دەرچون :ئەتەکێتی شەرعی وایە لانی کەم دەموچاوت بە سابوون بشۆیت و ددانەکانت بە باشی پاک بکەیتەوە. ئەگەر بۆت دەکرێت، خۆشۆردن غسل پێش چوون بۆ کۆڕی زانست نەک هەر پاکییە، بەڵکو ماندوێتی جەستەت لادەبات و تەرکیزت زیاد دەکات. بەڵگەی قورئانی : خوای گەورە دەفەرموێت: يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ ( ]الأعراف: ٣١ [واتە: "ئەی نەوەکانی ئادەم! لە کاتی چوون بۆ هەر مزگەوتێکدا، خۆتان بڕازێننەوە و پۆشاکی جوان و پاک بپۆشن".

بەکارهێنانی بۆن :پێش ئەوەی لە ماڵ دەر بچیت، "تاقیکردنەوەی بۆنی جل" بکە؛ ئەگەر بۆنی خواردن یان جگەرەی پێوە بوو، دەستبەجێ بیگۆڕە. فێرخوازی زیرەک عەترێکی بچوکی هەمیشە لە گیرفان یان جانتایە تاوەکو پێش چوونە ژوورەوە بەکاری بهێنێت. بەڵگەی شەرعی :لە "صحيح البخاري"دا هاتووە :غُسْلُ يَوْمِ الْجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ، وَأَنْ يَسْتَنَّ،

وَأَنْ يَمَسَّ طِيبًا .زانایان دەفەرموون: هەموو کۆڕێکی زانست و شوێنێکی پیرۆز، هەمان حوکمی هەینی هەیە لە ڕووی گرنگی بۆنخۆشی و پاکییەوە.
سیواک لە گیرفاندا :با هەمیشە سیواکت پێ بێت. پێش ئەوەی بچیتە ناو پۆل یان حەڵقەی قورئان، بەکاری بهێنە .
فەرموودەی پیرۆز :پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :السِّوَاكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ ، مَرْضَاةٌ لِلرَّبِّ" سیواک دەم پاک دەکاتەوە و پەروەردگاریش ڕازی دەکات."
قسەی زانایان :ئیمامی "غەزالی" دەفەرموێت: "دەم ڕێڕەوی قورئانە، بۆیە پاکڕاگرتنی نیشانەی ڕێزگرتنە لە قورئان."

دووەم: ڕێکخستنی پۆشاک بە کردەیی:

ئاوێنە :پێش دەرچوون سەیری ئاوێنە بکە؛ قژت بە ڕێکوپێکی دابهێنە، ئەگەر کڵاو یان جامانە بەکاردەهێنیت بە جوانی ڕێکی بخە. بەڵگەی فەرموودەدا :پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت :مَنْ كَانَ لَهُ شَعْرٌ فَلْيُكْرِمْهُ) رواه أبو داود .(واتە: "هەرکەسێک قژی هەیە، با ڕێزی لێ بگرێت (بە داهێنان و پاککردنەوەی)."
گۆرەوییەکان: یەکێک لە کێشە گەورەکانی مزگەوت "بۆنی گۆرەوی"یە. ئەتەکێتی فێرخوازی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەمیشە گۆرەوی پاک و نوێ بپۆشێت پێش چوون بۆ سەنتەر، چونکە لە کاتی دانیشتن لە حەڵقەی قورئاندا، بۆنی ناخۆش دەبێتە هۆی بێزارکردنی هاوڕێکانت و مامۆستاکەت.
بەڵگی قورئان: خودای گەورە دەفەرموێت دەفەرموێت :إِنَّ الْمَلَائِكَةَ تَتَأَذَّى مِمَّا يَتَأَذَّى مِنْهُ بَنُو آدَمَ .واتە: "مەلائیکەتەکان بێزار دەبن بەو شتانەی کە نەوەی ئادەم (مرۆڤەکان) بێزار دەکات."
سادەیی و جوانی (پاکوخاوێنی نەک گرانیی نرخ) :پێویست ناکات جلی زۆر گرانبەها بپۆشیت، بەڵکو جلی ئوتوکراو و خاوێن بەسە.

فەرموودەی پیرۆز :إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ" خودا جوانە و جوانی خۆش دەوێت."
بەڵگەی قورئان: خودای گەورە دەفەرموێت :﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ﴾)المدثر: ٤ .(واتە: "پۆشاکەکانت پاک و خاوێن ڕاگرە."

سێیەم: ڕێکخستنی قژ و نینۆک

ئەمە نیشانەی "سمت الحسن" و شێوازی فێرخوازی بەئەدەبە.
ڕێکخستنی قژ :قژت بە شێوازێکی هێمن و ڕێک دابنێ؛ دووربکەوەرەوە لەو مۆدێلانەی کە لەگەڵ شکۆی فێرخوازی قورئاندا ناگونجێن.
کورتکردنەوەی نینۆک :نینۆکەکانت بە کورتی و خاوێنی ڕابگرە، چونکە کۆبوونەوەی چەپەڵی لە ژێر نینۆکدا دژی بنەماکانی پاکوخاوێنییە فطرة.
بەڵگەی فەرموودە :پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :الْفِطْرَةُ خَمْسٌ: الْخِتَانُ، وَالِاسْتِحْدَادُ، وَقَصُّ الشَّارِبِ، وَتَقْلِيمُ الْأَظْفَارِ، وَنَتْفُ الْآبِطِ] البخاري ومسلم.[

چوارەم: ئامادەکاری کەرەستەکان پێش وەختە:

جانتاکەت بپشکنە: شەوی پێشتر یان یەک کاتژمێر پێش ڕۆشتن، دڵنیا بەرەوە لە هەبوونی:
قورئانی تایبەتی خۆت تاوەکو تێبینی تێدا بنوسیت.
پێنووس بۆ ئەوەی لە ناو پۆل داوای لە کەس نەکەیت.
دەفتەری تێبینی بۆ نوسینی سودەکانی مامۆستا.
مۆبایل :پێش ئەوەی بگەی بە دەرگای مزگەوت، مۆبایلەکەت بکوژێنەوە یان بیخەرە سەر بێدەنگ. ئەمە ئەتەکێتێکی زۆر گرنگە تاوەکو عیبادەتی خەڵک و کۆڕی زانست تێک نەدەیت.

پێنجەم: ڕەفتار لە کاتی ڕۆشتندا پراکتیکی ڕێگا:

هەنگاونان بە هێمنی و شکۆوە: بە ڕاکردن و پەلەپەل مەڕۆ، چونکە بەو شێوەیە دەگەیتە ناو مزگەوت و هەناسەبڕکێت دەبێت و ئارەق دەکەیت. بەڵکو بە هێمنی هەنگاو بنێ.

بەڵگەی فەرموودە: پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمووێت: إِذَا أَتَيْتُمُ الصَّلَاةَ فَعَلَيْكُمْ بِالسَّكِينَةِ] (متفق عليه [واتە: "کاتێک بەرەو نوێژ (یان پەرستش) هاتن، با هێمنی و لەسەرخۆیی بەسەرتانەوە بێت".

سڵاوکردن :لە ڕێگادا سڵاو لەو کەسانە بکە کە دەیانبینیت، چونکە تۆ نوێنەری سەنتەری قورئانیت.

زیکری ڕێگا: زمانی خۆت ڕابهێنە بە زیکر یان پێداچوونەوەی ئەو سورەتەی کە دەبێت لەو ڕۆژەدا تەسلیمی مامۆستای بکەیت.

ئایەتی قورئانی :وَاذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً] الأعراف: ٢٠٥.[واتە: "یادی پەروەردگارت بکە لە ناخی خۆتدا (بە بێدەنگی)، بە خاکەڕایی و پاڕانەوە و بە ترس و شکۆوە."

بەڵگەی فەرموودەدا :پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرمووێت» :لَا يَزَالُ لِسَانُكَ رَطْبًا مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ) «رواه الترمذي .(واتە: "با هەمیشە زمانت تەڕ بێت بە یادی خودا ."فێرخواز کاتێک لە ڕێگادایە، زمانتەڕکردنی بە زیکر یان پێداچوونەوەی قورئان، وەک ئامادەکارییەکە بۆ ئەوەی بە دەروونێکی ئاوەدانەوە بگاتە لای مامۆستاکەی.

شەشەم: پاراستنی کات ئەتەکێتی وەخت:

پێنج خولەک پێشتر: ئەتەکێتی فێرخوازی سەرکەوتوو ئەوەیە کە ٥ بۆ ١٠ خولەک پێش دەستپێکردنی وانەکە لەوێ بێت. ئەمە دەرفەتت دەدات کە:

نوێژی سڵاوی مزگەوت تحية المسجد بکەیت.

بە هێمنی دانیشیت و ئامادەکاری دەروونی بکەیت.
پێداچوونەوەیەکی خێرا بۆ وانەکەت بکەیت.
"ئەی نەوەی قورئان! وانەکەت لەو ساتەوە دەست پێ دەکات کە لە ماڵ دەردەچیت، نەک تەنها کاتێک دادەنیشیت. هەموو هەنگاوێکی ڕێگاکەت بە 'عیبادەت' بنووسە".
کۆبەند :ئیمامی "مالیک" کاتێک دەستی دەکرد بە گوتنەوەی فەرموودە، غوسڵی دەردەکرد و بۆنی خۆشی لە خۆی دەدا و پۆشاکی زۆر جوانی دەپۆشی، وەک ڕێزێک بۆ کلامی پێغەمبەر ﷺ. تۆش وەک فێرخوازی قورئان، با ڕواڵەتت بانگەواز بێت بۆ جوانیی ئیسلام.
گەشتی ڕۆژانەی فێرخواز (ئەتەکێت و زیکرەکان لە ماڵەوە تا سەنتەر)
سەفەری فێرخوازی قورئان بۆ ناوەندەکانی زانست تەنها هاتوچۆیەکی ئاساین نییە، بەڵکو عیبادەتێکی بەردەوامە. فێرخواز لە ساتەوەختی پۆشینی جلی پاکەوە تا دەگاتە پۆلەکەی و دەگەڕێتەوە، زمانی بە زیکری خوای گەورە ئاودێر دەکات.

حەوتەم: ئەتەکێت و زیکری جلپۆشین

فێرخوازی قورئان بە پۆشاکی ڕێک، پاک و شەرعییەوە دەچێتە حزوری قورئان، چونکە پاکوخاوێنی نیشانەی ڕێزگرتنە لە زانست.
١- لە کاتی لەبەرکردنی جلوبەرگدا هەمیشە لە لای ڕاستەوە دەست پێبکە.
بەڵگەی فەرموودە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی ئەگەر کەسێک جلی نوێ یان ئاسایی لەبەرکرد بڵێت: الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي كَسَانِي هَذَا الثَّوْبَ وَرَزَقَنِيهِ مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلَا قُوَّةٍ« (سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئەم پۆشاکەی پێ بەخشیم و ڕزقیدام، بێ ئەوەی هیچ هێز و توانایەک لە لایەن خۆمەوە هەبێت)

٢ .زیکری دەرچوون و چوون بۆ سەنتەر: کاتێک فێرخواز قاچی دەخاتە دەرەوەی ماڵ، خۆی دەسپێرێت بە پارێزەری دڵسۆز کە خوای گەورەیە، بۆ ئەوەی لە مەترسییەکانی ڕێگا و لادانی شەیتان پارێزراو بێت.
بەڵگەی فەرمووده: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت هەرکەسێک لە ماڵەکەی دەرچێت و بڵێت: بِسْمِ اللَّهِ، تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ.
(واتە: "بە ناوی خوا، پشتم بە خوا بەست، چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە نییە تەنها بە یارمەتی خوا نەبێت")، پێی دەوترێت: ڕێنمایی کراویت و پارێزراویت، و شەیتان لێی دوور دەکەوێتەوە.
٣ .زیکری ڕێگا (ئاوەدانکردنەوەی کات) فێرخواز ڕێگاکەی بە بێدەنگی و سەیرکردنی بێسوود بەڕێ ناکات، بەڵکو دەیکاتە دەرفەتێک بۆ ئامادەکردنی دڵ و مێشکی. زمانی بەردەوام تەڕ دەبێت بە ئیستغفار، صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ، یان دووبارەکردنەوەی سەرزارەکی ئەو سوورەتانەی کە لەبەری کردوون.
بەڵگەی قورئانی: خوای گەورە دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا» [الأحزاب: ٤١] (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، زۆر یاد و زیکری خوای گەورە بکەن).
٤ .ئەتەکێت و زیکری وانەخوێندنەوە (ناو پۆل) کاتێک فێرخواز دەگاتە سەنتەرەکە و دادەنیشێت بۆ خوێندنی قورئان، داوای کردنەوەی دڵ و ئاسانکاری لە خودا دەکات بۆ تێگەیشتن و لەبەرکردن. پێش خوێندنەوەکە، بە ئەدەبەوە دادەنیشێت، پەنا دەگرێت بە خوا لە شەیتان (الاستعاذة) و داوای ڕوونکردنەوەی زمان و مێشکی دەکات.
بەڵگەی قورئانی: وەک خوای گەورە لەسەر زمانی حەزرەتی مووسا فێرمان دەکات: رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي * وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي * وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِي»

[طه: ٢٥-٢٧] (پەروەردگارم! دڵ و دەروونم فراوان بکە بۆ وەرگرتنی حەق، و کارەکەمم بۆ ئاسان بکە، و گرێی زمانم بکەرەوە).
٥ .زیکری کۆتاییهاتنی وانە و گەڕانەوە: دوای تەواوبوونی وانەکە و کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، فێرخواز کۆڕەکەی بە پاکژکردنەوەی گوناھ و کەمکوڕییەکان کۆتایی پێدەهێنێت.
بەڵگەی فەرموودە: پێغەمبەر ﷺ فێری کردووین کە لە کۆتایی هەر کۆڕ و دانیشتنێکدا (کە پێی دەوترێت کەفارەتی کۆڕ) بڵێین: سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ. ("پاک و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ تۆیە خوایە، شایەتی دەدەم کە چەسپاوی عیبادەت تەنها تۆیت، داوای لێخۆشبوونت لێدەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ").

٤ .ئەتەکێت لە ناو هۆکارەکانی گواستنەوە بەرەو سەنتەر

رێگای گەیشتن بە مزگەوت و سەنتەری قورئان، تەنها مەودایەکی کیلۆمەتری نییە، بەڵکو بەشێکە لە سەفەرێکی پیرۆز. فێرخواز لەو ساتەی لە ماڵ دەردەچێت تا دەگاتە بەر دەستی مامۆستا، لە ژێر چاودێری فریشتەکاندایە، بۆیە دەبێت ئەتەکێتی ئەم رێگایە بەم شێوەیە بپارێزێت:

یەکەم: ئەزموونی ڕێگا و هێمنی (السكينة والوقار)

فێرخوازی قورئان نابێت بە پەلەپەل، ڕاکردن، یان بازدان و هاوارکردن لە شەقامەکاندا بناسرێتەوە، بەڵکو دەبێت شکۆ و هێمنی پێوە دیار بێت.
هەنگاونانی بەسەبر: تەنانەت ئەگەر وانەکەش خەریک بوو دەست پێ بکات، بە ڕاکردن مەڕۆ کە ببێتە هۆی شڵەژانت و تێکچوونی هەناسەت.
بەڵگەی فەرمووده :پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :إِذَا أَتَيْتُمُ الصَّلَاةَ فَلَا تَأْتُوهَا وَأَنْتُمْ تَسْعَوْنَ، وَأْتُوهَا وَأَنْتُمْ تَمْشُونَ، وَعَلَيْكُمُ السَّكِينَةُ" کاتێک دێن بۆ نوێژ یان هەر عیبادەتێک، بە ڕاکردن مەیەن، بەڵکو بە پیادە و ئاسایی وەرن و هێمنی و لەسەرخۆییتان پێوە بێت."
پراکتیکی ڕێگا: چاوەکانت بۆ زەوی بێت و زۆر سەیری ئەملاولا و ناو ماڵەکان مەکە. ئەمە تەرکیزت زیاد دەکات بۆ وردبوونەوە لەو ئایەتانەی کە دەتەوێت بیانوێنیت.
بەڵگەی قورئانی: خوای گەورە وەسفی بەندە سەرکەوتووەکان دەکات و دەفەرموێت :وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا [الفرقان: ٦٣] "بەندەکانی خوای میهرەبان ئەوانەن کە لەسەر زەوی بە هێمنی و بێ فیزی ڕێ دەکەن."

دووەم: ئەتەکێتی پاسی سەنتەر و ئۆتۆمبێلی گواستنەوە

ئەگەر سەنتەرەکە پاسی تایبەتی هەبوو، یان بە پاسی گشتی هاتووچۆ دەکەیت، ئەم خاڵانە جێبەجێ بکە:

ئەتەکێتی سەرکەوتن :نۆرە بگرە و پاڵ بە هاوڕێکانتەوە مەنێ. ڕێز لە بچووکتر و گەورەتر بگرە.
ڕێزگرتن لە شۆفێر :بە ڕووخۆشی سڵاوی لێ بکە و سوپاسی بکە. شۆفێرەکە خزمەتت دەکات تا بگەیتە بەرەکت، بۆیە شایستەی ڕێزە.
ئەتەکێتی مۆبایل و دەنگ:
بە هیچ جۆرێک مۆسیقا یان ڤیدیۆ بە دەنگی بەرز لێ مەدە.
ئەگەر تەلەفۆنت بۆ هات، کورت و بە دەنگێکی نزم بێت.
هۆکار :چونکە پاسی سەنتەر شوێنی پێداچوونەوەیە مراجعة. هاوڕێکانت سەرقاڵی لەبەرکردنی قورئانن، ژاوەژاوی تۆ دەبێتە ڕێگر لەبەردەم فێربوونی ئەوان.
پاکوخاوێنی پاس :ناو ئۆتۆمبێلەکە وەک ژووری وانەکەت وایە. پاشماوەی خواردن و کاغەز لەسەر کورسییەکان جێ مەهێڵە.

سێیەم: ئادابی ڕێگا و مامەڵە لەگەڵ خەڵک

فێرخواز نوێنەری قورئانە لە ناو کۆمەڵگەدا، بۆیە دەبێت وەک ئاوێنەیەک بێت بۆ ڕەوشتی ئیسلامی.
چاوپاراستن :بە تایبەت لە کاتی هاتووچۆدا، چاو بپارێزە لەوەی خودا حەرامی کردووە.
بەڵگەی قورئانی: قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ (النور: ٣٠).
لادانی ئازار: ئەگەر لە ڕێگادا بەردێک، دڕکێک، یان زبڵێکت بینی کە ڕێگای خەڵکی گرتووە، لایبەرە.
بەڵگەی فەرموودە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :إِمَاطَةُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ صَدَقَةٌ" لادانی ئازار لە ڕێگای خەڵکدا سەدەقەیە."
سڵاوکردن :سڵاو لەو کەسانە بکە کە دەیانناسیت و ئەوانەشی نایانناسیت.

دوورکەوتنەوە لە "باند" و کۆبوونەوە :لەبەردەم دەرگای سەنتەر یان لەسەر ڕێگای گەڕەکەکان کۆ مەبنەوە کە ڕێگا لە خەڵک و دراوسێکان بگرن و ببێتە هۆی بێزارکردنیان.

چوارەم: زیکری دەرچوون و پاراستنی زمان

دوعای دەرچوون: کاتێک لە ماڵ دەردەچیت بڵێ :بسم الله، توکلت على الله، ولا حول ولا قوة إلا بالله .بەمە خودا دەتپارێزێت و لە ڕێگادا بەرەکەت دەخاتە کاتەکەتەوە.

دوورکەوتنەوە لە قسەی بێمانا: لە ڕێگادا لەگەڵ هاوڕێکانت سەرقاڵی قسەی دونیا و یاری و پێکەنین مەبە، بەڵکو زمانت بە زیکر و پێداچوونەوەی لاپەڕەکانت تەڕ بکە.

قسەی زانایان: ئیمامی "شافعی" دەفەرموێت: "ئەو کاتانەی لە ڕێگایت بۆ لای مامۆستا، کاتی چاندنی زانیارییە لە مێشکدا، نەک کاتی بەفیڕۆدانی زمان."

پێنجەم: ڕێزگرتن لە ماڵە دراوسێکانی سەنتەر

هەندێک جار فێرخوازان لەبەردەم سەنتەر یان مزگەوت دەوەستن و بە دەنگی بەرز قسە دەکەن، ئەمە بێزارکردنی دراوسێکانە و پێچەوانەی ئەتەکێتە.

بەڵگەی فەرمووده :مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلَا يُؤْذِ جَارَهُ "هەرکەسێک بڕوای بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە، با ئازاری دراوسێکەی نەدات."

کۆبەند: ڕێگای تۆ بەرەو سەنتەر، ڕێگایەکە بەرەو بەهەشت. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا، سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ .کەواتە با هەموو هەنگاوێکت لەم ڕێگایەدا بە ئەتەکێت و ڕێز و بێدەنگی بێت، تاوەکو پاداشتەکەت تەواو و بێ کەم و کورتی بێت.

٥ .ئەتەکێتی ناو حەوشە و فەزای گشتی مزگەوت

حەوشەی مزگەوت و فەزای گشتی سەنتەر، جیاوازە لە شەقام و بازاڕ؛ ئێرە سەرەتای سنووری "ماڵی خودا"یە. فێرخوازی بەئەدەب لەم ساتەوە دەست دەکات بە کۆکردنەوەی خێر لە ڕێگەی ڕەفتارە جوانەکانییەوە:

یەکەم: هێمنی، بێدەنگی و نزمکردنەوەی دەنگ

مزگەوت و سەنتەری قورئان شوێنی ئارامی و سکینەن، نەک شوێنی یاری، ڕاکردن، و هاوارکردنی هاوڕێکان بۆ یەکتری.

نزمکردنەوەی دەنگ: تەنانەت لە کاتی سڵاوکردن و قسەکردن لەگەڵ هاوڕێکانیشدا، دەبێت فێرخواز دەنگی نزم بێت تاوەکو ئەو کەسانەی سەرقاڵی نوێژ یان قورئان خوێندنن بێزار نەبن.

بەڵگەی قورئانی: خوای گەورە دەفەرموێت :وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ ۚ إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ] لقمان: ١٩.[

هێمنی لە جوڵەدا: ڕاکردن و پاڵنان بە یەکتر لە حەوشەدا، نیشانەی کەمئەزموونی فێرخوازە.

فەرموودەی پیرۆز: پێغەمبەر ﷺ کاتێک گوێی لە دەنگی ژاوەژاوی هەندێک کەس بوو لە مزگەوتدا، فەرمووی :أَيُّهَا النَّاسُ، عَلَيْكُمْ بِالسَّكِينَةِ" ئەی خەڵکینە، هێمنی و لەسەرخۆییتان لەسەر بێت."

دووەم: ئەتەکێتی پێڵاو و ڕێکخستنی شوێنی هاتووچۆ

ئەتەکێتی فێرخواز لە دەرگای مزگەوتەوە دەست پێ دەکات. شێوازی دانانی پێڵاوەکانت نیشاندەری ئاستی ڕێزگرتنتە بۆ شوێنەکە.

ڕێکخستن لە ڕەفەکاندا :پێڵاوەکانت بە ڕێکوپێکی بخەرە ناو ئەو شوێنەی بۆی دیاریکراوە. هەرگیز پێڵاوەکانت بە شپرزەیی لەبەردەم دەرگا و ڕێڕەوی خەڵک فڕێ مەدە.

پێشخستنی پێی ڕاست :کاتێک پێ دەنێیتە ناو مزگەوت، بە پێی ڕاست بچۆ ژوورەوە و دوعای چوونە ژوورەوە بخوێنە :اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ.
پراکتیکی ئەتەکێت :ئەگەر بینیت پێڵاوی هاوڕێیەکت یان نوێژخوێنێک کەوتووە و ڕێگای گرتووە، بە ڕێزەوە لایبەرە و بیخەرە شوێنێکی گونجاو؛ ئەمە نەک هەر ئەتەکێتە، بەڵکو خزمەتکردنی میوانانی خودایە.

سێیەم: پاراستنی پاکوخاوێنی وەک عیبادەت

فێرخوازی قورئان وەک "باخەوان"ێکی ئەم فەزایە وایە. پاکڕاگرتنی حەوشە و دەستشۆرەکان و باخچەی مزگەوت ئەرکی سەرەکییەتی.
بەرپرسیارییەتی زبڵ: فڕێدانی بچوکترین پارچە کاغەز، بنێشت، یان پاشماوەی خواردن لە حەوشەی مزگەوتدا بێڕێزییەکی گەورەیە.
هەڵگرتنەوەی پیسی :ئەگەر بینیت کەسێکی تر زبڵێکی فڕێداوە، تۆ هەڵی بگرەوە.
بەڵگەی فەرموودە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :عُرِضَتْ عَلَيَّ أُجُورُ أُمَّتِي حَتَّى الْقَذَاةُ يُخْرِجُهَا الرَّجُلُ مِنَ الْمَسْجِدِ" پاداشتی ئومەتەکەمم نیشان درا، تەنانەت پاداشتی ئەو تۆز و خاشاکەی کە پیاوێک لە مزگەوت دەری دەهێنێت."
پاکوخاوێنی دەستشۆرەکان :W.C یەکێک لە باڵاترین جۆرەکانی ئەتەکێت ئەوەیە کاتێک دەستنوێژ دەگریت، پاش خۆت شوێنەکە بە وشکی و پاکی جێبهێڵیت و ئاو بەفیڕۆ نەدەیت.

چوارەم: ڕێزگرتن لە شکۆی مزگەوت (تعظيم المسجد)

حەوشەی مزگەوت شوێنی کۆبوونەوەی بێمانا و کات بەسەربردن نییە.
قسەی دونیا :دوورکەوتنەوە لە باسی کڕین و فرۆشتن یان قسەی بێ سوود لە ناو حەرەمی مزگەوتدا.

قسەی زانایان: ئیمامی "نەووەوی" دەفەرموێت: "پێویستە لەسەر کەسێک کە دەچێتە ناو مزگەوت، دڵی ئامادە بکات بۆ زیکر و دوور بکەوێتەوە لە هەر دەنگەدەنگێک کە شکۆی شوێنەکە بشکێنێت."
سڵاو لە مزگەوت تحیة المسجد: کاتێک لە حەوشە دەچیتە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵەکە، پێش ئەوەی دابنیشیت دوو ڕکات نوێژ بکە. ئەمە "ئەتەکێتی سڵاوکردنە لە خودا."
بەڵگەی فەرمووده :إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلَا يَجْلِسْ حَتَّى يُصَلِّيَ رَكْعَتَيْنِ.

پێنجەم: مامەڵەی کۆمەڵایەتی لە فەزای گشتیدا

سڵاوکردن لە تەمەنە جیاوازەکان: کاتێک بە حەوشەکەدا تێپەڕ دەبیت و پیرەپیاو یان نوێژخوێنێک دەبینیت، بە ڕووخۆشی سڵاویان لێ بکە.
ڕێزگرتن لە کارمەندانی مزگەوت: ئەتەکێتی فێرخواز ئەوەیە زۆر بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ خادیمی مزگەوت یان پاسەوانەکان بکات و هاوکارییان بکات لە پاکراگرتنی شوێنەکەدا.
کۆبەند: حەوشەی مزگەوت یەکەمین وێستگەیە کە تێیدا تاقیکردنەوەی ئەخلاقی بۆ فێرخواز دەکرێت. ئەگەر فێرخوازێک نەتوانێت پێڵاوەکانی ڕێک بخات یان زبڵێک لە زەوی هەڵبگرێتەوە، چۆن دەتوانێت مانا گەورەکانی قورئان لە دڵیدا جێگیر بکات؟ کەواتە با حەوشەی مزگەوت شایەدی ئەدەبی تۆ بێت پێش ئەوەی زمانت دەست بکات بە خوێندنەوەی ئایەتەکان.

حەوتەم: ئەدەب و ئەتەکێتی نوێژ و دەستنوێژگرتن

دەستنوێژەکەت کلیلی پاکییە، نوێژەکەت کۆڵەکەی ئیمانتە. نوێژەکەت ئاوێنەی ڕەوشتتە لە دەرەوەی مزگەوت. ئەگەر نوێژەکەت بە ڕاستی بۆ خودا بێت، کاریگەرییەکەی لەناو کۆمەڵگا و لە مامەڵەی ڕۆژانەتدا ڕەنگدەداتەوە.

١ .دەستنوێژگرتن: پاکبوونەوەی دڵ و جەستە، فێرخوازی قورئان نابێت تەنها لە کاتی نوێژدا دەستنوێژ بگرێت، بەڵکو هەمیشە بە دەستنوێژبوون نیشانەی زیندوویی دڵ و ئامادەیی ڕۆحە بۆ زیکری خودا.
بەڵگەی قورئانی: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ﴾ [البقرة: ٢٢٢] "بەڕاستی خودا ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە، وە ئەو کەسانەشی خۆشدەوێت کە هەمیشە خۆیان پاک و خاوێن ڕادەگرن".
بەڵگەی فەرموودە: پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «لا يُحافِظُ علَى الوُضُوءِ إلَّا مُؤْمِنٌ» [رواه أحمد] هیچ کەسێک بەردەوام نابێت لەسەر دەستنوێژگرتن و پاراستنی (واتە هەمیشە بە دەستنوێژ بێت) مەگەر کەسی ئیماندار".
٢ .نوێژ: پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەروەردگار، کاتێک دەنگی بانگ دەبیسیت، گەورەترین ئەتەکێتی فێرخوازی قورئان ئەوەیە کە هەموو سەرقاڵییەکانی دنیا (بەتایبەت مۆبایل و سۆشیاڵ میدیا) دابنێت و بەرەو ڕووی خودا هەنگاو بنێت.
بەڵگەی قورئانی: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلَاةِ الْوُسْطَىٰ وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ﴾ [البقرة: ٢٣٨] پارێزگاری لە نوێژەکانتان بکەن (لە کاتی خۆیدا بیانکەن)، بەتایبەت نوێژی ناوەڕاست (نوێژی عەسر)، و بە ملکەچی و گەورەییەوە بۆ خودا ڕابوەستن".
نوێژ تەنها جوڵەی جەستە نییە، بەڵکو ئامادەبوونی دڵە. فێرخوازێک کە ئایەتەکانی قورئان لەبەر دەکات، دەبێت لە کاتی نوێژدا زیاتر لە هەر کەسێکی تر مانا و قووڵیی ئایەتەکان هەست پێبکات.
ئەی فێرخوازی بەڕێز! چۆن پێش چوونە حەڵقەی قورئان جلوبەرگ و جەستەت پاک دەکەیتەوە، ئاواش بە دەستنوێژێکی ڕێک و نوێژێکی پڕ لە

خشوع، ڕۆح و ناخۆت پاک بکەرەوە. با مۆبایل و سەرقاڵییەکانی دنیا، لە گەورەترین چاکە کە نوێژی جەماعەت و کاتی خۆیەتی، بێبەشت نەکەن.

٦ .ئەتەکێتی ناو پۆل و حەڵقەی قورئان

حەڵقەی قورئان پارچەیەکە لە بەهەشت لەسەر زەوی. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :إِذَا مَرَرْتُمْ بِرِيَاضِ الْجَنَّةِ فَارْتَعُوا، قَالُوا: وَمَا رِيَاضُ الْجَنَّةِ؟ قَالَ: حِلَقُ الذِّكْرِ .بۆیە پێویستە فێرخواز بە باڵاترین ئاستی ئەدەبەوە تێیدا ئامادە بێت:

یەکەم: ئەتەکێتی دانیشتن و وەستان لە حەڵقەدا

شێوازی دانیشتنی فێرخواز، ئاوێنەی ڕێزگرتنیەتی بۆ ئەو زانستەی وەری دەگرێت.
ڕوو لە قیبلە: سوننەتە فێرخواز بە ڕووخۆشی و ڕوو لە قیبلە دابنیشێت، چونکە باشترین ڕووگە قیبلەیە.
شێوازی دانیشتن: بە ئەدەبەوە دابنیشە وەک دانیشتنی ناو نوێژ یان چوارمەشقی. هەرگیز قاچت ڕامەکێشە بەرەو ڕووی قورئان یان مامۆستا، و پاڵ مەدەرەوە مەگەر بەهۆی نەخۆشی یان پێویستییەکی زۆرەوە بێت.
لە فەرموودەی بەناوبانگی هاتنی جوبرەئیل (سەلامی خوای لێبێت) بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بۆ فێرکردنی هاوەڵان، هاتووە کە چۆن دانیشت: "...فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيْهِ إِلَى رُكْبَتَيْهِ، وَوَضَعَ كَفَّيْهِ عَلَى فَخِذَيْهِ..." (رواه مسلم) (واتە: ئەژنۆکانی دای کێشا بە ئەژنۆکانی پێغەمبەردا ﷺ و دەستەکانی خۆی نایە سەر ڕانەکانی). ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی فێربوون شێوازی تایبەتی دانیشتن و نزیکبوونەوەی بەئەدەبی هەیە.
نەفڕێدانی پاشماوە: لە ناو پۆلدا قەڵەم مەتاشە سەر زەوی و کاغەز فڕێ مەدە. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: "إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ يُحِبُّ الطِّيِّبَ، نَظِيفٌ يُحِبُّ النَّظَافَةَ..." (رواه الترمذي) (واتە: بەڕاستی خودا پاک و لێبوردەیە و

پاکی خۆش دەوێت، خاوێنە و خاوێنی خۆش دەوێت). کەواتە پاک ڕاگرتنی شوێنی خوێندن عیبادەتە.
قسەی زانایان: ئیمامی "نەووەوی" لە کتێبی التبیاندا دەفەرموێت: "پێویستە فێرخواز بەوپەڕی سکینە و وەقارەوە دابنیشێت، دەست و قاچی بە بێهوودە نەجوڵێنێت و وەک ئەوە بێت کە لەبەردەم پاشایەکدا دانیشتووە."

دووەم: ئەتەکێتی مامەڵەکردن لەگەڵ قورئانی پیرۆز

قورئان گەورەترین شکۆی سەر زەوییە، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ کاغەز و بەرگەکەیدا پێویستی بە ئەتەکێتێکی تایبەت هەیە.
هەڵگرتن بە دوو دەست: کاتێک قورئانەکە دەگریت یان دەیدەیت بە مامۆستا، بە هەردوو دەست و بە ڕێزەوە بیگرە.
بەرزی و نزمی: هەرگیز قورئان مەخەرە سەر زەوی. با هەمیشە لەسەر مێز یان ڕەحلە یان شوێنێکی بەرز بێت. هەروەها هیچ شتێکی تری وەک مۆبایل یان دەفتەر مەخەرە سەر قورئانەکە.
نیشانە دانان: ئەگەر ویستت نیشانەیەک لەو لاپەڕەیە دابنێیت کە بۆت ماوەتەوە، پارچە قوماشێکی خاوێن یان "فاصل"ێکی شایستە بەکاربهێنە؛ هەرگیز کاغەزی زبڵ، کلێنکسی بەکارهاتوو، یان گۆشەی لاپەڕەکە مەچەمێنەرەوە.
بەڵگەی شەرعی: خوای گەورە دەفەرموێت: {فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ * مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍ} (عبس: ١٣-١٤) (واتە: لە ناو لاپەڕە و پەڕتووکی زۆر بەڕێزدایە، کە بەرزڕاگیراو و پاککراوەن). ئەمەش هاندەرە بۆ ئەوەی مسحەف لە ناو لاپەڕەی پاک و شوێنی پاکدا بپارێزرێت.
لە ئایەتێکتردا خوای گەورە دەفەرموێت {ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ} (الحج: ٣٢)(واتە: ئەوەی ڕێز لە دروشم و پیرۆزییەکانی

خودا بگرێت، ئەوا بێگومان ئەو ڕێزگرتنە لە تەقوا و شانیشینی دڵدایە).
قورئانی پیرۆزیش گەورەترین دروشمی ئیسلامە
ئیمامی قورتوبی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیرەکەیدا سەبارەت بە حورمەتی قورئان دەفەرموێت: "لە حورمەت و ڕێزی قورئان ئەوەیە: کاتێک دایدەنێیت تەنها لەسەر شوێنی بەرز دایبنێیت، و کاتێک دەخرێتە سەر مێز یان ڕەحلە، هیچ پەرتووکێکی تری بەسەردا نەخرێت، بۆ ئەوەی هەمیشە لە هەموو شتێک بەرزتر بێت."

سێیەم: ئەتەکێتی بێدەنگی و گوێگرتنی چالاک

کاتێک قورئان دەخوێنرێت، فریشتەکان دادەبەزن، بۆیە بێدەنگی لەو کاتەدا تەنها ئەتەکێت نییە، بەڵکو فەرمانی خوایە.
گوێگرتن بۆ مامۆستا و هاوڕێکان: کاتێک مامۆستا ڕوونکردنەوە دەدات یان هاوڕێیەکت خەریکی تەسلیمکردنەوەی وانەیە، بە تەواوی بێدەنگ ببە و گوێ بگرە. مۆبایلەکەت دەرمەهێنە و بە چرپە قسە لەگەڵ تەنیشتەکەت مەکە.
بەڵگەی قورئانی :وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُوا لَهُ وَأَنصِتُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ]الأعراف: ٢٠٤.[
پراکتیکی گوێگرتن: تەنانەت ئەگەر ئەو ئایەتەشت لەبەر بوو، دیسان گوێ بگرە، چونکە ڕەنگە سوودێک لە مامۆستاکەت ببیسیت کە پێشتر نەتزانیبێت.

چوارەم: ئەتەکێتی بەکارهێنانی کەرەستەکانی پۆل

ڕەحلە و مێزەکان: ئەتەکێتی فێرخواز وایە نوسین لەسەر مێزەکان نەکات و زیانیان پێ نەگەیەنێت.
تەختەی ڕەشی پۆل: بەبێ مۆڵەتی مامۆستا هیچ شتێک لەسەر تەختەکە مەنوسە و یاری پێ مەکە.

سپلیت و ڕووناکی: کاتێک لە پۆل دەچیتە دەرەوە، ئەتەکێتی شەرعی وایە ئەگەر تۆ دواکەس بوویت، گڵۆپەکان و سپلیتەکە بکوژێنیتەوە بۆ ئەوەی ئیسراف نەبێت.
بەڵگەی قورئانی: وَلَا تُسْرِفُوا ۚ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ.
پێغەمبەری خودا ﷺ ڕێسایەکی گشتی گەورەمان پێدەبەخشێت و دەفەرموێت: "لَا ضَرَرَ وَلَا ضِرَارَ" (رواه ابن ماجه) (واتە: نە زیان گەیاندن بە خۆ دروستە و نە زیان گەیاندن بە کەسانی تر). نووسین لەسەر مێزەکان و تێکدانی کەرەستەی پۆل، زیان گەیاندنە بە ماڵی گشتی و مافی فێرخوازانی داهاتوو.

پێنجەم: ئەتەکێتی پشووی نێوان وانەکان

لە کاتی پشوودا هاوار مەکە و بە پۆلەکاندا ڕامەکە.
ئەگەر خواردن و خواردنەوەت خوارد، دڵنیا بەرەوە هیچ پاشماوەیەک لەسەر مێزەکەت جێ نەماوە.
بە هیچ جۆرێک بنێشت مەخۆ لە کاتی وانەدا یان لە ناو پۆلدا، چونکە نیشانەی کەمئەدەبییە بەرامبەر زانست.
بەڵگەی قورئانی: خوای گەورە لەسەر زاری حەکیمی لوقمانەوە ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات و دەفەرموێت: {وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ ۚ إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ} (لقمان: ١٩)(واتە: لە ڕۆیشتنندا مامناوەند بە و دەنگیشت نزم بکەرەوە، چونکە بەڕاستی ناخۆشترین و بێزارکەرترین دەنگ، دەنگی گوێدرێژە). ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەرزکردنەوەی دەنگ لە شوێنی گشتیدا کارێکی نەشیاوە.
ئیمامی مالیک (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: "دایکم مێزەرەی بۆ دەبەستم و پێی دەوتم: بڕۆ بۆ لای ڕەبیعە (کە زانا بوو)، سەرەتا فێری ئەدەبی بە پاشان زانستەکەی وەرگرە."

کۆبەند: پۆل و حەڵقەی قورئان، کارگەی دروستکردنی مرۆڤی بەڕەوشتن. ئەگەر فێرخواز لە ناو حەڵقەی قورئاندا فێری ئەدەبی دانیشتن و گوێگرتن نەبێت، خوێندنەوەی قورئانەکەی تەنها دەبێتە دەنگێک و ناچێتە ناو دڵییەوە. وەک زانایان دەفەرموون" :زانست بەبێ ئەدەب، وەک ئاگرێک وایە بەبێ ڕووناکی."

٧. ئەتەکێتی مامەڵەکردن لەگەڵ مامۆستا و شێخ

مامۆستا و شێخ تەنها گواستەرەوەی زانیاری نین، بەڵکو باوکی ڕۆحی فێرخوازن. ڕێزگرتن لێیان کلیلی سەرکەوتن و بەرەکەتی زانستە. زانایان دەفەرموون: "بە ئەدەبەوە لە زانست تێدەگەیت، بە ڕێزگرتن لە مامۆستاش دەگەیت بەو زانستە". خودای گەورە دەفەرموێت: يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ [المجادلة: ١١].

یەکەم: ئەتەکێتی پێشوازی و ئامادەیی

هاتنی مامۆستا بۆ ناو پۆل ساتێکی پڕ لە شکۆیە، پێویستە فێرخواز بە جوانی پێشوازی لێ بکات.

هەستان وەک ڕێز: کاتێک مامۆستا دێتە ژوورەوە، بە هێمنی هەستە بەبێ ژاوەژاوی کورسییەکان. ئەمە نیشانەی ئامادەیی و شکۆدارکردنی زانستەکەیەتی.

پێشوازی بە ڕووخۆشی: بە زەردەخەنە و سڵاوێکی گەرم پێشوازی لێ بکە. بەڵگەی فەرموودە: پێغەمبەر ﷺ دەربارەی هاتنی کەسانی خاوەن فەزڵ دەفەرموێت: "قُومُوا إِلَى سَيِّدِكُمْ" (متفق عليه) (واتە: هەستن بۆ پێشوازی گەورە و بەڕێزەکەتان). زانایان ئەم فەرموودەیەیان کردووە بە بەڵگەی ئەوەی کە هەستان بۆ پێشوازی لە مامۆستا، زانا، دایک و باوک، و کەسانی خاوەن پێگە کارێکی پەسند و نیشانەی ئەدەبە.

ئیمامی شافعی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) سەبارەت بە ئاستی ئەدەبی خۆی لەبەردەم مامۆستاکەیدا (ئیمامی مالیک) دەفەرموێت: "کاتێک لەبەردەم ئیمامی مالیکدا بووم، لاپەڕەکانی پەرتووکەکەم زۆر بە نەرمی و هێواش هەڵدەدایەوە، تەنها لەبەر ئەوەی نەبادا دەنگی لاپەڕەکە بگاتە گوێی و بێزاری بکات."

پراکتیکی ئەتەکێت: کاتێک مامۆستا دێتە ژوورەوە، مۆبایل و دەفتەرەکانت لابەرە و تەواوی سەرنجت بدەرێ، نەک سەرقاڵی قسەکردن بیت لەگەڵ هاوڕێکانت.

دووەم: ئەتەکێتی ناونان و بانگکردن

ناونانی مامۆستا بە ناوی ڕووت یان بە شێوازێکی هاوڕێیانە، بێڕێزییە بەو پلەیەی خودا پێی بەخشیوە.

بەکاربردنی نازناوی شایستە: هەمیشە بڵێ "مامۆستای بەڕێز"، "مامۆستا گیان"، یان ئەگەر شێخ بوو بڵێ "شێخی گەڕەم".

بەڵگەی قورئانی: خوای گەورە فێرمان دەکات کە بانگکردنی کەسە پیرۆزەکان وەک خەڵکی ئاسایی نەبێت: لَّا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُم بَعْضًا [النور: ٦٣]. زانایان دەفەرموون مامۆستاکانیش میراتگری پێغەمبەرانن و دەبێت بە ڕێزەوە ناویان بهێنرێت.

قسەی زانایان: ئیمامی "شافعی" دەفەرموێت: "کە لەبەردەم ئیمامی مالیکدا بووم، لاپەڕەی کتێبەکەم زۆر بە هێمنی هەڵدەدایەوە نەک دەنگەکەی بێزاری بکات".

سێیەم: ئەتەکێتی پرسیارکردن و گوێگرتن

پرسیارکردن هونەرە و پێویستی بە مۆڵەت هەیە.

مۆڵەت وەرگرتن: دەستت بەرز بکەرەوە و بوەستە تا مامۆستا مۆڵەتت دەدات. هەرگیز قسەی مامۆستا مەبڕە، تەنانەت ئەگەر هەڵەیەکیشی

کرد؛ چاوەڕێ بکە تا قسەکەی تەواو دەکات ئینجا بەوپەڕی ئەدەبەوە تێبینییەکەت بڵێ.

شێوازی پرسیار: پرسیارەکەت بۆ فێربوون بێت نەک بۆ تاقیکردنەوەی ماموستا یان نیشاندانی زیرەکی خۆت.

بەڵگەی قورئانی: چیرۆکی موسا سڵاوی خوای لێ بێت و پیاو چاکەکە باشترین نموونەی مۆڵەت وەرگرتنە: هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَىٰ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا [الكهف: ٦٦]. (واتە: ئایا ڕێگەم پێدەدەیت و مۆڵەت هەیە شوێنت بکەوم، بۆ ئەوەی لەو زانست و ڕۆشنییەی خودا پێی بەخشیویت، فێرم بکەیت؟). ئەمە نیشان دەدات کە تەنانەت پێغەمبەرێکی گەورەی وەک موسا (سەلامی خوای لێبێت) کاتێک دەبێتە فێرخواز، بە مۆڵەت و ئەدەبەوە دەستپێدەکات.

ئیمامی ئیبن عەبدوڵبەر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە کتێبی (جامع بيان العلم وفضله) دا دەفەرموێت: "لە ئەدەبەکانی فێرخواز بەرامبەر ماموستاکەی ئەوەیە: زۆر پرسیاری لێ نەکات کاتێک ماندووە، کاتێک پێداگری دەکات لەسەر بابەتێک قسەی پێ نەبڕێت، و ئەگەر ماموستا لە بابەتێکدا لادا، بە ڕوویاندا نەداتەوە، بەڵکو بە نەرمی هاوکاری بێت بۆ گەڕانەوە."

چوارەم: ئەتەکێتی دانیشتن لەبەردەم ماموستادا

سەرنجی تەواو: بە چاو و دڵ گوێ بگرە. تەماشای کاتژمێر مەکە و سەیری دەرەوەی پەنجەرە مەکە وەک ئەوەی بێزار بیت.

نوسینی سوودەکان: کاتێک ماموستا قسەیەکی گرنگ دەکات، بینووسە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە تۆ بایەخ بە ماندووبوونی ئەو دەدەیت.

خۆبەکەمزانین: زانایان دەفەرموون: {"لَا يَتَعَلَّمُ العِلْمَ مُسْتَحْيٍ وَلَا مُسْتَكْبِرٌ"}"کەسی شەرمن و کەسی خۆبەگەورەزان زانستیان دەست

ناکەوێت". (واتە: دوو جۆر کەس هەرگیز زانستیان دەست ناکەوێت: کەسی شەرمن [کە لەبەر شەرم پرسیار ناکات]، و کەسی خۆبەگەورەزان [کە پێی عەیبە لەبەردەم مامۆستادا دابنیشێت و خۆی بە پێویست نەزانێت]).

هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێت) کاتێک لەبەردەم پێغەمبەردا ﷺ دادەنیشتن بۆ وەرگرتنی زانست، شێوازی دانیشتنیان بەم جۆرە وەسف کراوە: "كَأَنَّمَا عَلَى رُؤُوسِهِمُ الطَّيْرُ" (رواه أبو داود) (واتە: لەبەر کڕی و بێدەنگی و تەرکیزی قووڵیان، وەک ئەوە وابوو باڵندە لەسەر سەریان نیشتبێتەوە). ئەمە بەرزترین ئاستی سەرنجدان و ڕێزگرتنە لە کاتی دانیشتن لەبەردەم مامۆستادا.

پێنجەم: وەفاداری و ئەتەکێتی مامەڵەکردن لە دوای کۆتایی هاتنی خول.

پەیوەندی فێرخواز و مامۆستا بە کۆتایی هاتنی وانەکە تەواو نابێت.

وەفاداری: لە غەیابی مامۆستادا بەرگری لێ بکە و ڕێگەی مەدە کەس بە خراپە باسی بکات.

دوعای خێر: هەمیشە لە نوێژەکانتدا و لە ناو دڵتدا دوعای خێر بۆ مامۆستاکەت بکە کە ڕێگای ڕاستی نیشان داویت.

قسەی زانایان: ئیمامی "ئەبو حەنیفە" دەفەرموێت: "هەرگیز نوێژێکم نەکردووە ئیلا دوعای خێرم تێدا بۆ مامۆستاکەم حەمماد نەکردبێت".

پەیوەندی بەردەوام: لە جەژنەکان و بۆنەکاندا نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ بنێرە یان سەردانی بکە. ئەمە لووتکەی ئەتەکێتی فێرخوازی قورئانە.

کۆبەند: ئەگەر دەتەوێت خودا بەرەکەت بخاتە زانستەکەتەوە، ڕێز لە مامۆستاکەت بگرە. مامۆستا وەک "سەرچاوەی ئاو" وایە، چەند بە ئەدەبەوە لێی نزیک ببیتەوە، زیاتر تینوێتیم دەشکێنێت. وەک دەوترێت: "هەرکەسێک بە ڕێزەوە خزمەتی مامۆستاکەی بکات، خودا دەیکات بە

ماموٚستای خەڵکی". پێغەمبەر ﷺدەفەرموێت :لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يُجِلَّ كَبِيرَنَا، وَيَرْحَمْ صَغِيرَنَا، وَيَعْرِفْ لِعَالِمِنَا حَقَّهُ " لە ئێمە نییە ئەو کەسەی ڕێز لە گەورەمان نەگرێت، و بەزەیی بە بچوکماندا نەیێتەوە، و مافی زاناکانمان نەزانێت."

٧. ئەتەکێتی هاوڕێیەتی لە پێناو خودا

هاوڕێیەتی لە سەنتەری قورئاندا تەنها هاوڕێیەتییەکی ئاسایی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای "خۆشەویستی لە پێناو خودا". ئێوە پێکەوە لەسەر سفرەی قورئان دانیشتوون، بۆیە دەبێت ئەتەکێتی ئەم براتییە بەم شێوەیە بپارێزن:

یەکەم: خۆشەویستی و پاکی دڵ (الأخوة الإيمانية)

فێرخوازی قورئان دڵی پاکە و چاوی بە هاوڕێکانی هەڵدێت کاتێک لەبەرکردنیان باشە.

پاکی دڵ: دووربکەوەرەوە لە حەسوودی و ڕق بەرامبەر ئەو هاوڕێیانەی کە زیرەکترن یان دەنگیان خۆشترە.

بەڵگەی قورئانی: خوای گەورە دەفەرموێت: إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ [الحجرات: ١٠]. (واتە: بەڕاستی تەنها و تەنها باوەڕداران برای یەکترن).

سڵاو و ڕووخۆشی: هەمیشە پێش هاوڕێکانت بکەوە لە سڵاوکردن و بە زەردەخەنەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکە.

بەڵگەی فەرموودە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا "ناچنە بەهەشت تا بڕوا نەهێنن، بڕواش ناهێنن تا یەکتریتان خۆش نەوێت".

دووەم: ئەتەکێتی هاوکاری و بەخشینی زانست

زەکاتی زانست بڵاوکردنەوەیەتی. ئەگەر تۆ لە بابەتێک تێگەیشتوویت، با بخیل نەبیت بەرامبەر هاوڕێکانت.

هاوکاری بێ منەت: ئەگەر هاوڕێیەکت لە حوکمێکی تەجوید یان مانا و لەبەرکردنی ئایەتێکدا زەحمەتی هەبوو، یارمەتی بدە بەبێ ئەوەی هەست بکات تۆ لەو باڵاتریت.

نەفرێدانی قسە: ئەگەر هاوڕێیەک پرسیارێکی کرد، مەڵێ "ئەمە چەند ئاسانە و تۆ چۆن نازانیت!"، بەڵکو بە ڕێزەوە گوێی لێ بگرە.
بەڵگەی فەرمووده: وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ "خودا لە یارمەتی بەندەکەیدایە، مادام بەندەکە لە یارمەتی برایەکەیدا بێت".

سێیەم: پاراستنی شکۆ و دوورکەوتنەوە لە گاڵتەجاڕی

حەڵقەی قورئان شوێنی جیدییەت و ڕێزە. شکاندنی هاوڕێ لە ناو پۆلدا گوناهێکی گەورەیە.
گاڵتە نەکردن بە دەنگ: هەموو کەسێک دەنگی خۆش نییە، بەڵام هەموو کەسێک دەتوانێت بە دڵسۆزی قورئان بخوێنێت. هەرگیز پێکەنین و گاڵتە بە دەنگی هاوڕێکەت مەکە.
